www.kurdistannet.org
27-2-2006 11:12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# خاتوونی یەکەمی عێراق، کچە ئەنفالکراوە فرۆشراوەکانمان بۆ دەگەڕێنێتەوە ... کازیوە ساڵح

مەسەلەی کچە ئەنفالکراوە فرۆشراوەکان بە مەلهاکانی میسری عەرەبی بوون بە بڵقی سەر ئاو، لە پێچی میزەرەکانی سیاسەتدا پێچرانەوە، وون کران. سەیرە مەسەلەیەکی لەوشێوەیە تەنها چەند مانگێك ویژدانی خەڵکی هەژاند، وەکو نووسەران و ڕۆشنبیران، هەروەها وەکو کەس و کاری خۆشیان، هیچ لایەك تا ئێستا پاش چەند ڕستەیەکی کورت لە ڕیپۆرتاژێکدا و لەو کاتەدا بڵاوکرایەوە و کەس و کاری کەسیان لەو کاتەوە هیچی دی نەدرکاندوە، تا چەند تاوانی ئەوانە و بە زۆر دەم داخستنیان نیە لە وڵاتی قەزا و قەدەردا، ئەوەیان ناتوانم حوکمی ڕەهای لە سەر بدەم، چونکە بەڵگەم بە دەستەوە نیە. لەوەش سەیرتر تەماشاکردنی کۆمەڵی کوردە بۆ ژن بەراورد بە تێڕوانینی بۆ کچانی فرۆشراومان بە میسر. هەمووان دەزانین بەهای ژن لە کۆمەڵی کوردیدا لە ناوکێیەوە بۆ پییەکانی دەست پێدەکات و بەهایەکی فکری و مرۆیی نیە. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە تا ئێستا لە وڵاتانی دیموکراسیدا باوکانی کورد کچەکانیان دەکوژن گەر پەیوەندی خۆشەویستی لە گەڵ کوڕێکدا هەبێت، نەوەك خوار ناوکی زەرەری هێنابێت، ئەو تەنها بەهایەی کە ئەوی ژنی پێ دەبینرێت لە کیس بچێت. بەڵام لە مەسەلەی کچە ئەنفالکراوە فرۆشراوەکاندا ئەو بەهایە هیچ نرخێکی نیە و ئاساییە لای کۆمەڵی کوردی و بێ دەنگیان لێ کردووە، تەنها بە یەك بەهانەش، ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی کورد شانازیی بەو فرۆشتنەوە دەکەن مادام نرخی مێز ڕازاندنەوەیەکی برادرانە بۆ ئەوان فەراهەم دەهێنێ، ئەو هەلەیان بۆ دەڕەخسێنێت لە گەڵ دەسەڵاتدارانی وڵاتی میسردا لە سەر یەك خوان کۆببنەوە.

ئەو قسەیش لە خۆڕا ناکەم، هەمووان دەزانین کاتێك مەسەلەی ئەو کچانە ئاشکرا بوو هەردوو سەرۆکی عێراق و سەرۆکی کوردستانی لەو وڵاتە بوون، لە سەر خوانی گەورە لیپرسراوانی میسر ژەمەکانیان نۆش دەکرد، جگە لە هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق، کە دەبوو یەکەم کەس بێت وەکو کاروباری دەرەوە و پەیوەندی نێو دوو وڵات دەست وەردات لەو مەسەلەیە، بەڵام لە گەڵ هاوار و تکا و نووسینی خەڵکیشدا کەسیان ئەوەیان نەکرد، هەر ئەو کاتە بەندە کە لە چەند رێکخراوێکی مرۆیی ئەو وڵاتە کارم دەکرد و هێندەم فشار هێنابووە سەریان بۆ ڕوون کردنەوەی چارەنووسی کچە ئەتك کراوەکانمان، لە دەرئەنجامی پرسیارکردنی ئەواندا و لە لایەن کەسانی لێپرسراوی ئەو وڵاتە بە هەندێکیان گووترابوو "دەسەڵاتدارانی خۆیان هەموو لێرەن و کەس باسی هیچ ناکات، پێمان ناڵێن ئێوەی عەرەب چیتان لەم هات و هاوارە داوە " من دڵگران نیم لەم دەربڕینەیان و تەواو مافی خۆشیانە، کارەساتە دەسەڵاتدارانی کورد لە گەڵ ئەتکەرانی کچەکانماندا بادە نۆش بکەن و ئێمەش پاڵ بە عەرەبەوە بنێین بۆ ئەوەی بەرگری لە ئەتك کردنەکانمان بکەن. هەر ئەو کاتە نامەیەکی کراوەم لە ماڵپەڕەکانەوە بۆ هۆشیار زێباری ڕەوانە کرد، ئەو توانجەی عەرەبم تێدا بەرجەستە کردبوو بەرانبەر بە هەوڵەکانمان بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان و پێم وابوو گەر بەرژەوەندی عەیش و نۆشی کورسی ڕێگەی نەدابێت پرسیارێکیان بکات، ئەوا پاش ئەو توانجانە پەرۆشێ پاڵی پێوە دەنێت لەو مەسەلەیە بکۆڵێتەوە. بەڵام ئەوە بوو دەسەڵاتدارانی کورد ئەو مەسەلەیەشیان وەکو هەموو مەسەلە چارەنووسازەکانی کورد خستە بەر ساتۆری بەرژەوەندی خۆیان و ژنانی هەڵسوڕاوی ناو ئەو

دەسەڵاتانەش گەر پێشتر خاڵێکیان دەربارە خستبنە سەر ووشەیەك، کە بینیان ئاغاکانیان کەیف شاد نین بە وروژاندنی هەموو دەمیان دوورا و بێ دەنگیان لێ کرد.

ئەمڕۆ کە دەسەڵاتی فانی کورد لە بەغدا بەرەوە جمووجۆڵ دەچێت و لە ماوەی فەرمانڕەوای کوردیشدا لە بەغدا زوو زوو تەلەفزیونەکان بە سەردانەکانی خاتوونی یەکەمی عێراق گوێمان قانگ دەدەن، یەکەم جار لە میانەی سەردانێکی بۆ ئەردەن کە گوێم لە دەستەواژەی خاتوونی یەکەم عێراق بوو، سەرەتا سیمایەکی دڵخۆشکەر ڕۆحی تەنیم، چونکە جگە لەوەی ئەو نازناوانە بۆ هەموو کوردێك دەخوازم و خوازیارم مرۆڤی کورد ببێت بە خاوەنی هەموو سەروەریەکانی جیهان گەر دژی هەموو بۆچوون و کردارەکانیشی بم، ئاگاشم لە بەشێکی باش لە جموجۆڵ و چالاکیەکانی خاتوونی یەکەم ئەردەن "ڕانیا عبدالله" یە، ئەو خاتوونە بە ڕەگەز فەلەستینی و لە کویتدا لە دایك بووە، یەکەم هەنگاوی تیکەڵاوبوونی لە گەڵ خێزانی فەرمانڕەوای ئەردەن، هاوکاری ئەو خویندنگە هەژارانەی کویتە بوو کە خویندنی سەرەتای و ناوەندی تێدا تەواو کردبوو، لە ئەردەن و پاشان لە جیهانیشدا بوو بە خاوەنی پرشنگدارترین ناوی خێرخواز و مرۆڤ دۆست و پارێزەری مافی ژن و منداڵ، پرۆژەی بەرەوباشبردنی بژێوی خیزان... تد. بەو هەموو پرۆژە خزمەتگووزاریانەی لەو بوارانەدا کاران (کارای ڕاستەقینە نەك تەنها خود ڕاگەیاندن) هەندێك لەوانەش (موسسە نهر الاردن) کە هاوکاری خیزانە هەژارەکان دەکات بۆ بەرزکردنەوەی باری ئابووریان لەو پرۆژەیەشدا پرۆژەی " وادی " بۆ هاوکاری بژێو و باری ئابووری ژنان جگە لە کڕینی سهمی بچووك بە کردنەوەی کارگەکانی ڕستن و چنین و دانانی ژنانی هەژار و نەخوێندەوار لەو پرۆژانەدا، جگە لە هاوکاری کردنی ئەو ژنانەی کە خاوەنی سەرمایەیەکی بچووکن و دەیانەوێ کاری ئازاد و پرۆژەی خۆیان هەبێت. پرۆژەی پاراستنی منداڵ لە توند و تیژی ئەم دەزگایە خاوەنی دەزگای ئەمان یشن بۆ بڵاوکردنەوە، تەنها دەزگایەکی عەرەبیە دەتوانیت ڕەخنەی ئازادانەی تێدا بگریت، پرۆژەی "نمو فی مرحلە الگفولە " هاوکاری منداڵان لە بوارە جیاوازەکاندا بە تایبەت باری ئابووری، پرۆژەی فیستفاڵی گۆرانی منداڵان، پرۆژەی کۆنگرەی ژنانی عەرەب، لە بەر ئەوەی کارەکانی دانپێدانراوون لە لایەن ریکخراوە نیو دەولەتیەکانەوە بە تایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی 2002 لە گەڵ سەرۆکە ئاشتی خوازەکانی ووڵاتانی جیهاندا دانی پێدانراوە لەوانەش نیلسۆن ماندیلا کە ساڵانە چالاکی خۆیان دەستنیشان دەکەن لە پیناوی ژیانی منداڵان و ژناندا، لە 2001وەدەستەی بەریوەبەری " سندوق اللقاح " جیهانیە بۆ منداڵان، لە 2003 ئەندامی لیژنەی قەرەبوو کردنەوەی قوربانیان و کوژراوانی بە کۆمەڵی هەرێمی ئاسێوی، ئەندامی کۆمەڵەی " ئاشتی لە جیهاندا " لە ووڵایەتی بنسلفانیا، سەرۆکی کومەڵەی " التبرع بالاعچا و " وجمعیە السرگان الاردنی " دەیان کۆمەڵەی خێرخوازی و مرۆیی و ژنان و مناڵان و گەشت و گوزار و ئابووری دی کە من تەنها ناوی ئەو کۆمەڵانەم هێناوە کە چالاکی بەرچاویان هەبووە لە بەرەوپشبردنی سیستمی ژیان لە ئەردەن و جیهاندا، ئەو خاتوونە لە گەڵ ئەوەی تەنها لە ساڵی 1993وە گەشتوەتە کۆشکی فەرمانڕەوایی شا عەبدوڵا و پێشتر هاوڵاتێکی ئاسایی بووە و فەرمانبەر بووە لە بانك، لە ڕووی تەمەن و ئەزموونەشەوە جیاوازی زۆری لە گەڵ خاتوونی یەکەمی عێراق هەیە چونکە لە دایك بووی 1970 یە، لە ڕووی کاتیشەوە لەو ماوە کورتەی دەسەڵاتداریەتیدا بووە بە دایکی چوار منداڵ، واتە هەموو کاتەکانی تەرخان نەبوون بۆ خۆ پێگەیاندن، بەڵام وەکو مرۆڤێك کە هەست بە کەم و کورپەکان و پێداویستیەکانی نێو کۆمەڵەکەی دەکات لە گەڵ خۆشگووزەرانی و تەخشان و

پەخشان کردنی دەستکەوتەکانی گەلی ئەردەنیدا، لە گەڵ هەموو کەم و کوڕیەکان و گەندەڵیەکانی دەسەڵاتی ئەردەنیدا، سەنگێکی وەهای لە نێو گەلی ئەردەنیدا بۆ خۆی پەیدا کردووە کە لە نیو کوشکەوە خێزانی فەرمانڕەوا هەست بە مەترسی دەکەن و لە ڕووی جهانیشەوە ساڵی پار کە گەڵ گەورە ئەکتەرانی هوڵیوودا خرایە لیستی هەڵبژارنی کەسایەتیەکانی 2005 وە، بە سێهەم کەسایەتی جیهانی ساڵی 2005 و پاش کەسایەتی ئەستیرەی هوڵیوود و خێرخوازی ئەنجیلینا جولی ناوی هات و خەڵکانێکی ناعەرەب دەنگیان بۆ داو هەڵیان بژارد.

بۆیە ناهەقی خۆم ناگرم کاتێکی خاتوونی یەکەمی عێراق سەردانی ئەردەنی کرد و ئەوی بینی بەختەوەربم و هەندێ جڵەوی خەیاڵ خۆشی شل بکەم وابزانم خاتوونی لای ئێمەش دەکەوێتە خۆ و ئیتر دەرکەوتن و خاتوونێکەی لە پێناوی ئەو بەراوردەدا نابێت بڵێن خێڵی تاڵەبانی مۆدێرنترن و مافی ژن دەزانن وەکو خێڵی بارزانی ژن لە تەویلەدا تووند ناکەن، ئیتر لەو سامانە زۆرەی عێراق یەکەم دەبێت بە خاتوونی کورد و دوای دەبیت بە خاتوونی عێراق و جیهان، خەونم دەبینی ئیتر مناڵانی کورد لە کەناری چاخانەکانی شاردا شەو بەسەر نەبەن و ئەتك نەکرێن و پێلاوبۆیاخ نەکەن، کۆمەڵە مناڵانیەکەی لە حەوت مناڵە و زیاد ببن بۆ سەرجەم مناڵانی لێقەوماو لە هەرپارچەیەکی کوردستانی خوێناویدا، و ئیتر ژنان ئەتك ناکرین و چاوچنۆکەکانی سیاسەت و بازرگانی و گەلتوور لاشەیان ئەنجن ناکات و کەناری دیوارە بەرزەکەی خاتوونی یەکەمی عێراقدا کەرامەتیان پارێزراوە، وەرن سەیری شارەکانمان بکەن نە ژنانی دەستگێڕ و کاسبکاری ناوبازاڕی تێدا ماوە نە لەش فرۆش، بۆ نابینن خاتوونی یەکەم عێراقی کرد بە کوردی و کوردی نەکرد بە عێراقی، دەستی یارمەتی لە شارەکانی ئامەد و عامودە و سنەو بانەوە دەشەکیتەوە نەك لە وولاتانی ئەورۆپیدا کە خزمەتی مناڵان لە هەمووان زیاتر دەکەن خزمەتی مناڵانی عێراقی بکات لە پێناوی بردنەوەی خەڵاتی ئاشتیدا، ئەوە خاتوونی ئێمەی کوردە ڕووبەڕووی گەندەڵی دەسەڵاتەکەی بووەتەوە و بژێووی ژیانی خێزانەکان و پێداویستی نەخۆش و لێقەوماوان فەراهەم دێنێت. خەریکە دووا هەناسەی سەرفەرازی هەڵدەکیشین و تەنها گرێیەك لای ئێمە ژنانی کورد ماوە گەڕاندنەوە کچە ئەنفالکراوە فرۆشراوەکانمانە بە سەماخانەکانی عەرەب، ئەویش دیاری ئەم 8ی مارسەی خاتوونی یەکەمی کورد ببوورن عێراقە بۆ ژنانی کورد و ئەم 8ی مارسە ئێمەی ژنانی کورد دوو ئاهەنگ دەگێڕین جەژنی خۆمان وەکو ژن و جەژنی بە خەبەرهاتنەوەی خاتوونی یەکەمی عێراقیش کە ئیتر مرۆڤێك نابێت کارەکان و دەرکەوتنەکانی لە پێناوی بەراورد بێت لە گەڵ بنەماڵەی نەیاریان و ویژدان ئاسوودە هەموو کیشەکانی ژنان و مناڵانی چارەسەر کردووە و دوا خەڵاتیشی ئەوەیە، یادی ئەم 8ی مارسە لە گەڵ کچە ئەنفالکراوە فرۆشراوەکانمان دەگێڕین.

2006 ،Feb. 24
Canada
k.saleh@hotmail.com